# ئەو هەنگاوەی پارتی دەیبینێت پوچکردنی دیموکراتییە و بەرز ڕاگرتنی دیکتاتۆرییە

**ئەکبەر جیهانگیر**
Cehangiri75@yahoo.com

لەبەیاننامەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستاندا هاتووە کە ئاسایشی دهۆك، بارەگای پارتی چارەسەری داخستووەو شەش کادیری نێو بارەگاکەی دەستبەسەر کردووە؛ ئەم هەواڵە لەنێو جەماوەردا، مقۆمقۆی نایەوە، ئاخۆ لەبەرچی پارتی بارەگای پارتی چارەسەری دادەخات، هۆکارەکەی چییە؟ منیش زۆر بە مەرەقەوە چاوەڕێی هەواڵەکان بووم، ئاخۆ یەکێك لەکەناڵەکانی پارتی، یاخود هەر کەناڵێکی دیکە یاخود ڕۆژنامەیەك باسی لێوە بکات، بەڵم زۆر بەداخەوە، کەس فزەی لێوە نەهات،

لێرەدا شتێك کە پارتی کردوویەتی تێگەیشتین، کە دیکتاتۆرییە، بەڵام باشە لەو شارەدا یان لەو پارچەی کوردستانەدا، کەسێك ـ پارتی سیاسی ـ ڕێکخراوی دیموکراتی....هتد، نەبوو کە هەڵوێستی لەبەرامبەری هەبێ؟! جا ئیتر ئەمە پۆزەتیف بێ یان نێگەتیف، زۆر کێشە نابێ، بەڵام هەر هیچ نەبێ، مەترسییە و جێگای نیگەرانییە؛ زیاتر ڕووی ڕەخنەکەم بۆ ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە دیموکرات و ئازادیخواز دەزانن.

هەرچەندە لەوڵاتی ئێمەدا هەم دیموکرات، هەم ئازادیخواز لاوازن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهۆکاری بەهێزبوون ناگەڕێین و نەگەیشتوون بەو قەناعەتەی کە بەپشتیوانیکردنیان بۆ یەکتری دەگەنە بەهێزبوون. چەندە ڕێکخستنە دیموکراتییەکان بەهێزبن، دیکتاتۆری لەنێو دەچێت، لەهەر حاڵەتێکی بەم شێوەیەدا پێویستە هێزە ڕۆشنبیرو دیموکراتەکان زیاتر دەنگی خۆیان هەڵبڕن و داکۆکی لەیەکتری بکەن و مافی دیموکراتیانەی خۆیان بەکاربهێنن، ئەمڕۆش باشترین هۆکارەکان کە مرۆڤ دەنگی خۆی تیاداهەڵبڕێت سایتەکانە، لەوانەشە من وا هەستم کردبێت، هەر ئەو دەنگەمان ماوە کە بێسانسۆرە، کە ئێمە ئازادانە دەتوانین بابەتەکانی خۆمانیان بۆ بنێرین، چونکە لەگۆڕەپانەکەدا لەباشوور هەستکردن بەو بەرپرسیارێتییە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاوە، حزبە دەسەڵاتدارەکان و بەتایبەتیش پارتی لەدەرەوەی خۆی کەسی دیکەی پێ هەزم ناکرێت، ئەمەش هەر لەگرتنی د. کەمال سەید قادر و لێدانی یەکگرتوو... ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلێنێت.

هێزە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو کاریان کردووە کە دەنگی دیموکراتی خەفە بکەن، ئارەزووی کەسەکانی ناو حزبەکانیان بکەنە یاساو دەرخواردی جەماوەر و کەسە دیموکراتەکانی بدەن، ئەم ڕاستیەش ئەبووایە لە د. کەمال سەید قادرەوە کۆتایی پێ بهاتبا. بەڵام دەبینین لەدوای ئەوەوە گوڕتر دەبێت، دوێنێ کەسێك ئەمڕۆش پارتییەك، بەیانیش گەلێك سەرکووت دەکەن، بەڵام ئێمە هەر بێدەنگ بین، ئەوانیش هەر خۆیان بەڕاست دەزانن.
بۆیە داواکارم لەهەموو کەسێکی دیموکرات، کە لەبەرامبەر هەرچی ڕووداوێك ئەگەرچی زۆر بچوکیش بێت، بێ هەڵوێست نەمێنن، ئەو حاڵەتە بێ هەڵوێستیانە نەك هەر شێواندنی دیموکراتییە، بەڵکو بەهێزکردنی دیکتاتۆریشە.